# ئـــەوەیە ئیسلامـــی راســـتەقینە

## (هذا هو الإسلام الحقيقي)

خوای گەورە ئایینی پیرۆزی ئیسلامی لەرێی پێغەمبەرەوە بۆ جیهان نارد بۆ ئەوەی کوێرەوییەکانی ژیانی مرۆڤایەتی نەهێڵێ‌و بەرەو ئاسوودەیی‌و بەختەوەریان بەرێت.

ئیسلام رەحمەتە بەر لەوەی مرۆڤ بەرێتە بەهەشت ئامانجیەتی بەهەشتێکی لە دونیا بۆ دروست بکات، بۆیە گەورەترین سیمای جوانی ئیسلام‌و پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) سۆزو میهرەبانی‌و لێبودەییە، نەك توندئاژۆیی‌و کوشتن‌و برین‌و کاولکاری‌و تێکدان.

خوای گەورە دەفەرموێت: (ادْعُ إِلَى سَبِيلِ رَبِّكَ بِالْحِكْمَةِ وَالْمَوْعِظَةِ الْحَسَنَةِ وَجَادِلْهُمْ بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ) النحل:١٢٥.

لە کوێ جوانیەکی ژیان هەبێت ئەوە ئیسلام لەوێیە، وە هەر کارێك لەخزمەتی مرۆڤایەتی‌و شارستانیەت نەبێت، ئیدی لەژێر پەردەو بەناوی ئیسلامیش بێت، جگە لە ناشیرینکردنی ئیسلام هیچ مانایەکی تر نادات.

چونکە ئەو کاتە ئەو کەس‌و گروپ‌و حیزب‌و حکومەتانە تەمسیلی هەقیقەتی ئیسلام دەکەن، کەبتوانن ئیسلامێکی پڕ لە رەحمەت پیشان بدەن، نەك لەپێناو بەرژەوەندی‌و مەرامی تایبەتی بەکاری بهێنن، ئەوانەی ئایین وەك ئامراز بەکاردێنن بۆ تواندنەوەی گەلان‌و نەتەوەکانی تر، یان بۆ شەڕو ئاشوب‌و داگیرکاری، لەراستیدا ئەوانە نە لە ئیسلام حاڵین‌و نە خزمەت بە ئیسلام‌و مرۆڤایەتیش دەکەن، بەڵکو هەموو ئەو کارانەی دەیکەن بۆ پەردەپۆشی ستەم‌و تاوانەکانی خۆیانە لە پەنای ئیسلام ئەنجامی دەدەن.

ئیسلام ئەوەیە کە پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) فەرمویەتی: ئەوەی سیری خوارد نێتە مزگەوت نەبادا بە بۆنی ناخۆشی دەمی هاورێکانی ئازار بدات. ئیسلام ئەوەیە کە دەفەرموێ: (المسلم من سلم الناس من لسانِه ويده).

ئیسلامی حەقیقی ئەوەیە کە پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) نوێژی کورت کردەوە لەبەر گریانی منداڵێك! کە لێیان پرسی بۆ وا بە پەلە نوێژەکەت کرد. فەرموی: گوێم لە گریانی منداڵێك بوو بەزەییم پێدا هاتەوە، چونکە دەزانم دایك بە گریانی منداڵەکەی ئازار دەخوات.

گەورەیی ئەم ئایینە لەوەدا دەرەکەوێت، کە پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) سەرەڕای هەموو دوژمناکاریەکانیان بەخەڵکی مەککەی فەرموو: (إذهبوا فانتم الطلقاء).

ئیسلام ئەوەیە کە پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) دەفەرموێ: (مَنْ أَشَارَ إِلَى أَخِيهِ بِحَدِيدَةٍ، فَإِنَّ الْمَلَائِكَةَ تَلْعَنُهُ، حَتَّى يَدَعَهُ وَإِنْ كَانَ أَخَاهُ لِأَبِيهِ وَأُمِّهِ). یاخود دەفەرموێ: (لَا يَحِلُّ لِمُسْلِمٍ أَنْ يُرَوِّعَ مُسْلِمًا).

ئیسلام ئایینێکە ئامانجیەتی کەسایەتی و کەرامەتی مرۆڤ بپارێزێت، بۆیە دەبینین لەچەندین ئایەت و فەرموودەی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) کە نابێ مرۆڤەکان لەناو خۆیاندا بە چاوی بێ ڕێزی و کەم سەیری یەك بکەن، یان ئیرەیی بەیەکتر بەرن، یان یەکتر لکەدارو ناشیرین بکەن، یان هەرەشە لەیەکتر بکەن لەرێی سوکایەتی و نەمیمی و غەیبەت و دووبەرەکی و نانەوەی ئاژاوەوە.

خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا يَسْخَرْ قَوْمٌ مِنْ قَوْمٍ عَسَى أَنْ يَكُونُوا خَيْرًا مِنْهُمْ وَلَا نِسَاءٌ مِنْ نِسَاءٍ عَسَى أَنْ يَكُنَّ خَيْرًا مِنْهُنَّ وَلَا تَلْمِزُوا أَنْفُسَكُمْ وَلَا تَنَابَزُوا بِالْأَلْقَابِ بِئْسَ الِاسْمُ الْفُسُوقُ بَعْدَ الْإِيمَانِ وَمَنْ لَمْ يَتُبْ فَأُولَئِكَ هُمُ الظَّالِمُونَ﴾ الحجرات:١١.

هەروەها پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) دەفەرموێ: (مَنْ كَانَ يُؤْمِنُ بِاللَّه وَالْيَوْمِ الآخِرِ فَلاَ يُؤْذِ جَارَهُ، وَمَنْ كَانَ يُؤْمِنُ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الآخِرِ فَلْيُكْرِمْ ضَيْفَهُ، وَمَنْ كَانَ يُؤْمِنُ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الآخِرِ فَلْيَقُلْ خَيْرًا أَوْ لِيَصْمُتْ).

ئەمانە ڕووی ڕاستەقینەی ئیسلامن، هەر کەسێك توانی ئەم هەموو جوانی و هەڵسوکەوتانە لە ژیانی ڕۆژانەی خۆی تاقیبکاتەوە ئەوە نوێنەری ڕاستەقینەی ئیسلامەو بەراستیش لە ئایین حاڵی بووە.

ئاخر ئیسلامێك کە گەورەترین دروشمەکانی ئەوە بن کە:

_ پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) دەفەرموێ: (كُلُّ الْمُسْلِمِ عَلَى الْمُسْلِمِ حَرَامٌ دَمُهُ وَمَالُهُ وَعِرْضُهُ).

_ ئیسلامێك بڵێت: ﴿مَنْ قَتَلَ نَفْسًا بِغَيْرِ نَفْسٍ أَوْ فَسَادٍ فِي الْأَرْضِ فَكَأَنَّمَا قَتَلَ النَّاسَ جَمِيعًا وَمَنْ أَحْيَاهَا فَكَأَنَّمَا أَحْيَا النَّاسَ جَمِيعًا﴾ المائده:٣٢.

_ ئیسلامێك ڕێگە نەدات ئاژەڵێك کە خوای گەورە بۆ مرۆڤی دروست کردووە تا سوودی لێ ببینێت، کەچی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) بە کابرای فەرموو لەکاتی سەربڕین بەزەییت پێدا بێتەوە، (مَرَّ رَسُولُ اللهِ -صلى الله عليه وسلم- عَلَى رَجُلٍ وَاضِعٍ رِجْلَهُ عَلَى صَفْحَةِ شَاةٍ، وَهُوَ يُحِدُّ شَفْرَتَهُ، وَهِيَ تَلْحَظُ إِلَيْهِ بِبَصَرِهَا، فَقَالَ: أَتُرِيدُ أَنْ تُمِيتَهَا مَوْتَاتٍ؟ هَلَّا حَدَدْتَ شَفْرَتَكَ قَبْلَ أَنْ تُضْجِعَهَا؟). چۆن ئەم ئیسلامە ڕێگە دەدات بەو هەموو ستەم و تاوانەی لەژێر پەردەی ئایینی ئەنجام بدات.

بۆیە دەبێت ئەوە بزانین، کە ئەو جۆرە کەس و لایەن و دەستەڵاتدارانەی ئیسلام بۆ مەرامی خۆیان بەکار دێنن و وەك خۆی پەیڕەوی لێ ناکەن، ئەمانە وێڕای ئەوەی ستەم لە خۆیان و ئیسلام دەکەن، لەهەمان کات ناکرێ ئێمەی موسڵمانیش لەبەر ئەو جۆرە کەسانە ئیسلاممان لەلا ناشیرین ببێت و لەبەر چاوومان بکەوێت، چونکە ئیسلام شتێکەو موسڵمان شتێکی دیکەیە.

**کەواتە ئیسلامی ڕاستەقینە لەکرداری باش و هەنگاوی خێرو ویژدانی پاك و ئینسانیەت خۆی دەبینێتەوە، نەك لە دروشم و قسەی بریقەدارو هەڵوێستی نامرۆڤانە، هەموو بەها ئیمانیەکانیش پێمان دەڵێن ئیسلام ئەخلاقێکی گەورەی لەرەفتارو کردارو هەنگاوەکانمان دەوێت، نەك شتی ڕووکەش و بێ ناوەڕۆك!!**